## فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی بیست و دووەم: وەقف

## الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثاني والعشرون: الوقف

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# وەقف

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕێزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەڕێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لە بارەی وەقفەوە دوو بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانای وەقف و حوکمەکەی، بابەتی دووەم : هەندێك حوکمی پەیوەست بە وەقفەوە.

**بابەتی یەکەم : مانای وەقف و حوکمەکەی،**

1- **مانای وەقف** : بە واتای گلدانەوە و هێشتنەوەی ماڵێکە کە دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت لەگەڵ مانەوەی ئەصڵی ماڵەکە، بەنیەتی پاداشت وەرگرتن لای خوای گەورە، وە وتراویشە مەبەست لە وەقف : وەستاندنی ماڵێکی بەردەوامی بەسوودە لەرێی خودادا، نافرۆشرێت و نابەخشرێت تا بەردەوام سوودی لێ وەربگیرێ.

نموونەکەشی : کەسێك خانوویەك یان باڵەخانەیەك دەکات بە وەقف لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە بۆ قوتابیانی زانستە شەرعیەکان، یاخود باخێك دەکات بەوەقف، جا کاتێك بەروبومەکەیان کۆکردەوە وفرۆشتیان پارەکەی دەدەن بە هەژاران و نەدارانی وولات لە رێگای خوای گەورەدا، یان کەسێك کۆمەڵێك خانووبەرەی هەیە ودەیدات بەکرێ، ساڵانە کرێکەی دەدات بە هەژاران، یان دەیدات بە مزگەوت و چاپکردنی پەرتووکی بەسوود، یان دەیدات بە کردنەوەی قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك بۆ هاوڵاتیان، و هاوشێوەی ئەمانە وچەندان نموونەی تر.

2- **حوکم وبەڵگەکانی** : وەقف کردن کارێکی موستەحەب وخۆشەویستە لای خەڵکی، ئەصڵ وبنەمای وەقف کردنیش ئەم ڕیوایەتەیە کە هاتووە : { ما ورد عن عمر ( رضي الله عنه ) أنه أصاب أرضا بخيبر،

فقال: يا رسول الله، أصبت أرضا بخيبر، لم أصب مالا قط أنفس عندي منه، فما تأمرني؟ قال: إن شئت حبست أصلها وتصدقت بها، غير أنه لا يباع أصلها ولا يوهب ولا يورث } [1] .

واتا : عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) پارچە زەویەکی لە زەویەکانی خەیبەر بەرکەوت، ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پارچەیەك زەویم لە خەیبەر بەرکەوتووە، هیچ ماڵ وسامانێکی هێندە باشم هەرگیز بەرنەکەوتووە، جا ئێستا جەنابت فەرمانم بەچی پێدەکەیت ؟ لەوەڵامدا فەرمووی : دەتوانیت زەویەکە وەقف بکەیت و داهاتو بەروبومەکەی بدەیت لە ڕێگای خوادا، بەڵام دەبێت بزانیت ئەو زەویە نەدەفرۆشێت و نە دەدرێت بە میراتگران و نە نەدەبخشرێتیش .

هەروەها ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : { إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث : صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له } [2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : کاتێك کە مرۆڤ دەمرێت، هەموو کار وکردەوەیەکی دەپچرێت، لەسێ ڕێگاوە نەبێت : خێر و صەدەقەیەکی جاریە، کە پاش خۆیشی خەڵکی سوودی لێ ببینن، یان زانست وزانیاریەکی فێری خەڵکی کرد بێت و سوودی هەبێت بۆ کەسانی تر، یان منداڵیکی خواناس و چاك کە هەمیشە نزای خێری بۆ بکات .

جا مەبەست لە صەدەقەی جاریە لەم فەرموودەیەدا، ئەو ماڵ و زەوی و موڵکەیە لە پێناو خوای گەورەدا دەکرێت بە وەقف بۆ موسڵمانان .

**بابەتی دووەم : هەندێك حوكمی پەیوەست بە وەقفەوە :**

هەندێك حوكمی تر هەیە کە پەیوەستن بە وەقفەوە، بە یارمەتی خوای گەورە تیشك دەیخەینە سەریان، ئەوانیش :

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان : بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2737) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1632) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1631) ڕیوایەتی کردووە .

1- دەبێت ئەو کەسەی کە ماڵ و موڵکەکە دەکات بە وەقف لەو کەسانە بێت کە تەصەڕوف و هەڵسوکەوتیان ڕاست و دروستە لە شەرعدا، واتا : دەبێت کەسێکی ژیری باڵغی ئازاد و ڕەشید بێت .

2- دەبێت وەقفەکە بە هەمیشەیی سوودی لێ وەربگیررێت لەگەڵ مانەوەی ئەصڵ و بنەمای موڵکە وەقف کراوەکە، وە دەبێت دیاریش بکرێت .

3- دەبێت وەقف کردن بۆ کاری خێر وچاکە بێت، وەك مزگەوت و هەژاران و چاپکردنی پەرتووکی زانستی بەسوود و وکردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و هاوشێوەکانیان، چونکە وەقف کردن بۆ ڕەزامەندی خوای گەورەیە، بۆیە دروست نیە وەقف بۆ دروست کردنی پەرستگایەکی بێباوەڕان بکرێت، یان بۆ کڕینی ماڵێك یان شتێکی حەرامکراو بێت .

4- ئەگەر هاتوو سوودەکانی وەقف وەستاو، وە دەتوانرا سوودی لێ ببینرێت، ئەو کاتە موڵکە وەقف کراوەکە دەفرۆشرێت و پارەکەی خەرج دەکرێت لە هاوشێوەی خۆیدا، بۆ نموونە ئەگەر موڵکە وەقف کراوەکە مزگەوت بوو، ئەوا پاش فرۆشتن پارەکەی خەرج دەکرێت لە مزگەوتێکی تردا، وە ئەگەر خانوو بوو، ئەوا بە پارەکەی خانوویەکی تر دەکڕرێت بۆ وەقف کردن، چونکە ئەم شێوەیە زیاتر نزیکترە لە مەبەستی ئەو کەسەی کە وەقفەکەی کردووە .

5- وەقف کردن گرێبەستێکی لازمە، تەنها بەوەی ووتی فلاَن موڵك وەقف بێت لە پێناو خوای گەورەدا، ئەوا جێگیر و ثابت دەبێت، وە دروست نیە هەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەك چۆن دروست نیە بیشفرۆشرێت .

6- دەبێت ئەو مەبەستەی کە موڵکەکەی بۆ وەقف کراوە دیار بێت، چونکە وەقف کردن بێ دیاری کردنی مەبەست ڕاست ودروست نیە، بۆ نموونە بڵێت : من ئەم خانووەم کرد بەوەقف کە داهات وکرێکەی بۆ خزمەتکردنی مزگەوت بێت، یان داهاتەکەی بۆ خزمەتکردنی قوتابی زانستە شەرعیەکان بێت، یان هەر خزمەتێکی تری هاوشێوەی ئەوانە .

7-دەبێت وەقف کردن جێ بەجێ بکرێت، چونکە دروست نیە موڵکی وەقف کراو بە هەڵبەستراوی و کاتیی بمێنێتەوە، مەگەر بە مردنی خۆی نەبێت .

8-ئەوە کەسەی وەقف دەکات دروستە خۆشی سوودی لێ ببینێت، بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە: { عن عُثْمَانُ بن عفان رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) قَدِمَ الْمَدِينَةَ وَلَيْسَ بِهَا مَاءٌ يُسْتَعْذَبُ غَيْرَ بِئْرِ رُومَةَ فَقَالَ: مَنْ يَشْتَرِي بِئْرَ رُومَةَ فَيَجْعَلُ دَلْوَهُ مَعَ دِلَاءِ الْمُسْلِمِينَ بِخَيْرٍ لَهُ مِنْهَا فِي الْجَنَّةِ، فَاشْتَرَيْتُهَا مِنْ صُلْبِ مَالِي....} [1].

واتا : عوسمانی کوری عەففان (ڕەزای خوای لێ بێت ) دەڵێ: کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتە مەدینە جگە لە بیری ڕومە ئاوی شیرینی تێدا نەبوو فەرمووی: کێ بیری ڕومە دەکرێت جا دولچەی خۆشی تێبخات لەگەڵ دولچەی موسڵمانانادا بە بیرێکی لەوە چاکتر لە بەهەشتدا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، جا منیش لە دەستمایەی ماڵی خۆم ئەو بیرەم کڕی.

9- واجبە ئەو مەرجەی کەسی وەقف کار هەیە بۆ موڵکە واقف کراوەکەی جێ بەجێ بکرێت، مەگەر مەرجێك نەبێت کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت .

10- ئەگەر کەسی وەقف کار ماڵەکەی وەقف کرد بۆ مناڵەکانی، دەبێت یەکسانی لە نێوان کوڕ وکچەکانیدا ڕەچاو بکرێت .

11- وەقف کردنێك زیان گەیاندنی بە میراتگر تێدابێ دروست نییە: لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصَىٰ بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍ غَيۡرَ مُضَآرّٖ ﴾ [2].

واتا : بەشی میراتگرەکان دەدرێ لەپاش دەرکردنی وەسیەتێك کە مردووەکە کردبێتی، یا قەرزێك کە لەسەری بێت، بەبێ ئەوەی زیان بێت بۆ میراتگرەکان .

کەواتە وەصیەت کردن بەجێ بەجێ کردنی وەقفێك پاش مردنی خاوەن موڵك کە زیانی بۆ میراتگرەکان هەبێت دروست نیە، بەشێوەیەك لە سێ یەکی ماڵی مردووەکە زیاتر بێت، چونکە کەسی وەصیەتکار وەصیەتەکەی کاتێك جێ بەجێ دەکرێت کە لە سێ یەکی ماڵەکەی زیاتر نەبێت، ئەویش بۆ ئەوەی زیان بە میراتگرەکانی نەکەوێت، بۆیە دەبینین ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕەچاوی بەرژەوەندی هەموو لایەکی کردووە لە ئەحکام و بڕیارەکانیدا .

---

(1) نەسائی بە فەرموودەی ژمارە (3608) وتیرمذی فەرموودەی ژمارە (3707) ڕیوایەتیان کردووە، و تیرمذی وتوشیەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە .

(2) سورەتی النساء : ئایەتی : 12 .

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین بەرەکەت بخاتە ماڵو موڵکی ئەو کەسانەی پارە و ماڵ وسامانی خۆیان لە پێناو ڕەمەزاندی خوای گەورە دەبەخشن و دەیکەن وەقف بۆ خزمەتکردنی موسڵمانان] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم